# گۆرانیەکانی ساکیما



Ursula Nafula
Peris Wachuka
Agri Afshin
3
کوردی ckb



ساکیە لەگەڵ دایك وباوك و خوشکە چوار ساڵەکەی دەژیا. ئەوان لەسەر ملکی پچوێکی دۆڵەمەند دەژیان. خانوە بچکۆڵەکەی ئەوان بە حەسیر داپۆشراوبوو و لە کۆتایی ڕیزە دارەکاندا بوو.



کاتێک ساکیە تەمەنی سێ ساڵان بوو، نەخۆش کەوت و سۆمای چاوەکانی لە دەست دا. ساکیە کەسێکی بەهرەمەند بوو.



سەکییە زۆر شتی دەتوانی بکات کە کوڕەکانی تەمەن شەش ساڵە نەیاندەتوانی بیکەن. بۆ نموونە ئەو دەیتوانی لەگەڵ ئەندامانی بەتەمەنی گوندەکەیدا دابنیشێت وە باسی بابەتی گرنگ بکات.



دایك و باوکی ساکیە لە ماڵی پیاوێکی دەوڵەمەند کاریان دەکرد. ئەوان بەیانیان زوو دەڕۆیشتن و ئێواران درەنگ دەهاتنەوە. ساکیە لەگەڵ خوشکە بچوکەکەی بە تەنیا دەمانەوە.



سەکیە حەزی لە گۆرانی گوتن بوو. رۆژێك دایکی لێی پرسی: “سەکیە، ئەو گۆرانییانە لە کوێ فێر بووی؟”




سکیە وەڵامی دایەوە: “هەر لەپڕ بۆم دێن، دایە. من لە مێشکی خۆم گوێم لێ دەبن و دواتر دهێنڵێمەوە.”



ساکیە پێی خۆش بوو گۆرانی بۆ خوشکە بچووکەکەی بڵێت بەتایبەت
کاتێك کە برسی دەبوو. خوشکەکەی گوێی بۆ ئەو گۆرانییەی ڕادەگرت
کە حەزی لێ بوو، ئەویش گۆرانیەکەی بۆ دەگوت. ئەو بە دەنگە
هێمنکەرەوەکە خۆی رادەژاند.



خوشکەکەی داوای لێکرد: “سلکیھ دەتوانی ئەو گۆرانیەم دووبارە و دووبارە بۆ بڵێیەوە؟” سلکیھش بە قسەی دەکرد و گۆرانیەکەی دووبارە و دووبارە بۆ دەگوتەوە.



شەوێکیان کاتێ دایك و باوکی بۆ ماڵەوە گەڕانەوە، ئەوان زۆر بێدەنگ بوون. ساکیە دەیزانی کە شتێك ڕوویداوە.



مەکیە پرسی: "دایە،بابە، چی رویداوە؟" مەکیە تێگەیشت کە کوڕی پیرەوە دۆڵەمەندەکە ون بووە. پیرەوەکە زۆر نیگەران و تەنیایە.




ساکیە بە دایك وباوکی گوت: "من دەتوانم گۆرانی بۆ بڵێم. لە وانەیە ئەو دووبارە خۆشحاڵ ببێتەوە." بەڵام دایك وباوکی داواکەیان ڕەت کردەوە. ئەوان گوتیان: "ئەو زۆر دۆڵەمەندە. تۆ تەنیا کوڕێکی هەژاری. تۆ پێت وایە گۆرانیەکەی تۆ دەتوانێ خزمەتی ئەو بدات؟"



لەگەڵ ئەوەشدا سەکیە هەر کۆڵی نەدا. خوشکە بچووکەکەشی پشتگیری کرد و گوتی: “گۆرانییەکانی سەکیە ئارامم دەکەنەوە کاتێک برسی دەبم. هەروەها پێوە دۆڵەمەندەکەش ئارام دەکەنەوە.”




رۆژی داهتو سکیه داوای لە خوشکە بچکۆلەکەی کرد ببێتە چوسلغی بۆ چوونە هڵی پیوە دەوڵەمەندەکە.



ئەو لە ژێر پەنجەرەیەکی گەورە راوەستێ و دەستی بە گوتنی ئەو گۆرانیەی کرد کە بۆ خۆی زۆری حەز لێ بوو. وردە، وردە سەری پێوە دۆڵەمەندەکە لەێو پەنجەرە گەورەکە وەدەرکەوت.



کرێکرەکن دەستیان لە کرەکانیان هەڵگرت. ئەوان گوێیان بۆ سترانە خۆشەکەی منداڵەکە ڕاگرت. بەڵام پیاوێك گوتی: “هیچ کەس نەیتوانیوە دڵنەوایی بەڕێوەبەر بداتەوە. ئێستا ئەم مندالەڵبیلەیە پێی وایە دەتوانێ دڵنەوایی ئەو بداتەوە؟”



سکیها لە گۆرانی گوتن تەواو بوو و رووی وەرسووڕاند بۆ ئەوەی بڕوات.
بەڵام پیاوە دۆڵەمەندەکە بەخێرایی هاتە دەرەوە و گوتی: "تکایە دووبارە
گورانییەکە بڵێوە."



ڕێك هەر لەو کاتەدا دوو پیاو هاتن کە یەکێکیان لە سەر تەختەبەرە پێ بوو. ئەوان کوڕی پیاوە دۆڵەمەندەکەیان دۆزیبۆوە، کە لێیدرا بوو و لە قەراخ ڕێگا بەجێیان هێشت بوو.




پیاوە دەوڵەمەندەکە زۆر خۆشحاڵ بوو کاتێ دووبارە چاوی بە کوڕەکەی کەوتەوە. ئەو پاداشتی ساکیمەی کرد لەبەر ئەوەی دڵنەوایی دابۆوە. ئەو کوڕەکەی و ساکیمەی بۆ نەخۆشخانە برد. ساکیمە دووبارە بینایی بۆ چاوەکانی گەڕایەوە.

# Global Storybooks

globalstorybooks.net

## گۆرانیەکانی ساکیما

Ursula Nafula
Peris Wachuka
Agri Afshin

CC BY